بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان

بە ناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی دەرهێنـــان : ٣٨
مێژووی دەرهێنـــان: ٢٠٠٠/١٢/٣١

پـشت بـە حوکمـەکانی بڕگـە (١)ی مـاددەی (٥٦)و مـاددەی (٥٣)ی یاسـای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی(١٩٩٢)و لەسـەر پێشنیاری ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردستانی عێراق داو ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی لە دانیـشتنی ژمـارە (٢٧)ی رۆژی (٢٠٠٠/١٢/٣٠) یدا ئەنجامی داوەو ، بە پێی ئەو دەسەلاتەش کە بڕگە (٣)ی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنای ئەم یاسایەمان دا :

یاسـای ژمـارە (١٩)ی سـاڵی (٢٠٠٠)
یاسـای
یەکـەم هەمـوارکردنی یاسـای ژمـارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧)

ماددەی یەکەم :
ماددەی یەکەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ لەغو دەبێ .

ماددەی دووەم :
هەموو ماددەکانی تری یاساکە بەکارپێکراوی‌دەمێننەوە .

ماددەی سێیەم :
هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت کاری پێ ناکرێ .

ماددەی چوارەم :
لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار .

ماددەی پێنجەم :
ئەم یاسایە لە رۆژی دەرهێنانییەوەدەخرێتە کارو لە (وەقایعی کوردستانی) یشدا بلاودەکرێتەوە .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

د . رۆژ نـوری شـاوەیـس
سـەرۆکی ئەنجـومەنی نیشتمانیی کوردسـتانی عێـراق